# ریزبەندی حکومەتەکان

ئینتەرنێت
وەرگێڕانی: دلاوەر عەبدوڵڵا





جاروبار هەوڵ بۆ ڕێزبەندی حکومەتەکان دراوەو ئەو کۆششانە لەئاستی جیاوازدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. هەندێك لەتوێژەرەوە سیاسیەکان فۆرمەکانی حکومەتیان وەك شێوەکانی دەوڵەت ڕێزبەندکردوە، بەلام ئەم ڕێزبەندییە دروست نییە، دەوڵەت چەند فۆرمێکی نییە، ماهیەتی هەموو دەوڵەتەکان یەکسانەو هەموویان خاوەنی ڕەگەزی بونیادی خەڵك، خاك، حکومەت (ڕێکخراو، دامەزراوە) و حوکمڕانێتین . جیاوازی ژمارەی دانیشتوان و فراوانی خاك جیاوازی لە شوێنگەی دەوڵەتمەداری دروست ناکات، هەندێکجار جیاوازی لەنێوان دەوڵەت شار، دەوڵەتی نەتەوەیی و ئیمپراتۆری جیهانیداکراوە، بەلام لەزانستی سیاسیدا ئەم جیاوازیکردنە بەهایەکی نییە، چونکە ڕیزبەندی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای خاك و خەڵك وەسفێکی مێژوویی ڕوت و سەفستەیەکی سەردەمی ئەرستۆیە، کە جیاوازی لەنێوان دەوڵەت و حکومەتدا نەدەکرا . ڕیزبەندی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای حوکمڕانێتیش مەمکین نییە . هەموو دەوڵەتەکان حوکمڕانییان هەیە وبەشێوەیەکی یەکسان بەرامبەرن و ڕیزبەندی یەکسانەکانیش نالۆژیکانەیە .

بەلام ڕێکخراو یان دامەزراوەی دەوڵەتان جیاوازن . دامەزراوەی دەوڵەت، حوکمەتەکەیەتی و بەهۆی ئەو حوکمەتەوەیە دەوڵەت ئامانجەکانی دادەڕێژێت و ئاشکرای دەکات و بەدیدەهێنێت . ئامانجی هەموو دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ یەکسانە، واتە خۆشگوزەرانی خەڵك و فۆرمی حکومەت نوێنەرو بەرجەستەکاری شێوەی بەدیهێنانی ئامانجی دەوڵەتەو ئەو هەلومەرجەیە کەپرسی دیاریکردنی سەرچاوەی دەسەلاتی یاسایی دێنێتەکایەوە: دەسەلاتی یاسایی دەوڵەت خراوەتە ئەستۆی کێ، تاچەند پراکتیکانە سودی لێدەبینرێت، بۆسودی کارگوزاری چ ئامراز و ئۆرگانێك بەکارهێنراوەو ئەم ئۆرگانانە بۆ پیادەکردنی کارە تایبەتیەکانیان پەیڕەوی و چرەوش و ڕێسایەك دەکەن؟ جیاوازیەکان لەم دەوڵەتەوە بۆ دەوڵەتێکی دی گەورەن و ڕێکخراوەی دەوڵەتێکیش بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت . بەمپێیە فۆرمی حکومەت پایەی واقیعی ڕێزبەندییەکەیەتی.

**دژواری ڕیزبەندیکردن** . ڕیزبەندی حکومەتیش دژواری خۆی هەیە . ڕیزبەندی کۆنی سەردەمی ئەرستۆ کەموکوڕی هەیە. ڕیزبەندی حکومەتەکان بۆ پاشایەتی، ئەرستۆکراتی و پۆلیتی یان فۆرمی " تیرانی – دەوڵەتی ستەمکار" و ئۆلیگارشی ئێستاچیدی مایەی پەسەندکردن نییە . ئەمڕۆ دیموکراسی بەباشترین فۆرمی حکومەت دادەنرێت، لەکاتێکدا ئەرستۆ بەفۆرمی لادەر یان گەندەڵبونی حکومەتی داناوە، واتە فەرمانڕەوایی دەسبەتاڵ و بێ هۆنەرو خراپەکار(١). لەگەڵ ئەوەشدا خودی دیموکراسی فۆرمی جۆربەجۆری هەیە – پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، سۆشیالیستی، کاپیتالیستی، یەکپارچەیی" پونیتەری" و فیدراڵی . شڵەژاوی‌و نیگەرانی هێزی کاتێك زیاتر دەبێت بزانین یەکێتی سۆڤیەتیش دیموکراسیەکەی خۆی تایبەت بەتاك و بەدیموکراسی بۆ"خەڵك" دادەنا " لەکاتێکدا بەپێچەوانەی هەموو پێوەرەکانی فەلسەفەی دیموکراسییەوە سیستمی سۆڤیەتی تاك حزبی و سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیست ڕابەڕی بوو. دیموکراسیەکەی یەکێتی سۆڤیەت شانازی بەوەوەدەکرد کەمافی ئابوری بۆ هەموو خەڵك فەراهەمکردووەو دەوترا بەبێ یەکسانی ئابوری دیموکراسی هیچ مانایەکی نییە، بەلام نەیارانی سیستمی سۆسیالیستی لەوبارەوەدان، کەدیموکراسی سۆڤیەت دیموکراسیەکی واقیعی نەبووە، چونکە خەڵکی سۆڤیەت لەمافی سیاسی‌و ئازادی مەدەنی بێبەش بوون . بەهەمانشێوە دیاریکردنی حکومەتی ئینگلستان وەك پاشایەتی بەشێوەیەکی تەواو گونجاو نییە. ئینگلیزەکان خۆیان بەدیموکراسیەکەیانەوە بادەدەن، ئەو وەزیرانەی خەڵکی هەڵیبژاردوون بەرپرسن لەبەرامبەر ئەنجومەنی عەوام – ئەنجومەنی خوارپەرلەمان – نەك لەبەرامبەر پاشا، کە سەرۆك یان حوکمڕانی بالای دەوڵەتە . بەوجۆرە ئینگلستان ئاوێتەیەکی سەیری پاشایەتی و دیموکراسی دەخاتەڕوو، کە ڕەگەزی ئەرستۆکراسی لەسەرشێوەی زنجیرەی پلەداری ئەنجومەنی لۆردەکانیشی هەیە . بەهەرحاڵ لەگەڵ هەموو ئەو دژواریانەی بابەتی ڕیزبەندی لەم لێکۆڵینەوەیەی خوارەوەدا ڕیزبەندی سیاسەتمەدارانی کۆن و نوێ ڕووندەکەینەوە :

١- ڕیزبەندی کۆن و نوێی حکومەت:

ئەرستۆ (٣٢٢-٣٤٨ پ.ز) یەکەمین و سەرەکیترین بیریار نییە کەحکومەتەکانی ڕێزبەندکرد بێت، پێش ئەویش " پیندەر، هیرۆدۆت، تۆسیدیدو ئەفلاتون" ئەوکارەیان کردوەو لەڕیزبەندی

حکومەتەکاندا سێ جۆر ڕێزبەندیان ئەنجامداوە، بەڵام " ئەرستۆ" کاریگەری دروستی لەپێداچوونەوەی ڕێزبەندییەکاندا هەبووە، هەرلەبەرئەوەشە ڕێزبەندکردنەکان بەناوی ئەوەوە ناونراون.

ئەرستۆ ڕیزبەندییەکەی خۆی لەسەردوو بنەما داڕشتووە:

یەکەم: هەندێك تاك و چینی کۆمەڵایەتی خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی باڵان.

دووەم: ئەوئامانجانەیە حکومەتەکان هەوڵدەدەن بەدەستیبێنن . بەسەرنجدان لەبنەمای دووەم ئەرستۆ وتویەتی، دەوڵەت یان دەبێت لەخزمەت " چاکەی گشتی"دا دەبێت، کەلەوبارەدا دامەزراوەیەکی دروست یان سروشتی و ڕاستە، یان لەخزمەتی بەرژەوەندی کەسایەتی یان گروپی فەرمانڕەوایاندا بێت و لەوحاڵەتەشدا دامەزراوەیەکی نادروست، ڕڤیژنیزم و گەندەڵ دەبێت . بەئاوڕدانەوەی لەبنەمای یەکەمیش ئەرستۆ وتویەتی، فەرمانڕەوایی تاکە کەسێکە لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیەکانی پاشا . حوکمڕانی چەندکەسی ئەرستۆکراسیە، جائامانجی بەرژەوەندی گشتی بێت یان لەبەر ئەوە بێت کەباشترین کەسانێك حوکمڕانی دەکەن . لەهەرشوێنێك خەڵك لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا حوکمڕانی بکەن ئەوە پۆلیتی یان حکومەتی پشتبەستوو بەیاسای بنەڕەتیە . لەپۆلیتیدا ئەو هاوڵاتیانەی دەچنە ڕیزی سوپاوە خاوەنی مافی یاساین(٢) .

فۆرمە ڕیڤیژنیزمەکانیش لەناوهەمان ئەو ڕێزبەندییەدان . " تیرانی" حکومەتی یەك تاکەکەسە لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییە کەسێکانی پاشا . "ئۆلیگارشی" حکومەتی چەند کەسێکە لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەمەندو داراکان و دیموکراسیش حکومەتی زۆرینەیە لەگەڵ پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانی چینی هەژاران، کەلەزاراوەی ئەمڕۆدا بە " مۆبۆکراسی" یان دەسەڵاتی خەڵك(٣) ناودەبرێت . لەوحاڵەتەدا جیاوازییەکان تەنها وابەستەی ژمارە یان چۆنایەتی نییە . تائەو شوێنەی پەیوەستە بەئۆلیگارشی و دیموکراسیەوە چینی کۆمەڵایەتی بنەمای ڕیشەییەو گروپی مەدەنی یان سیاسی گرێدراوی ئەوە . لەدیدی " ئەرستۆ"وە ئۆلیگارشی حوکمڕانی داراکانە، لەکاتێکدا کەدیموکراسی فەرمانڕەوایەتی هەژارانە، ژمارەی خەڵك تەنها ڕوکەشە.

لەنێوحکومەتە سروشتی و نۆرماڵەکاندا پاشایەتی باشترین و " پۆلیتی" خراپترینە . لەنێوحکومەتە ڕڤیژنیزم و گەندەڵەکاندا دیموکراسی باشترین و "تیرانی" خراپترین فۆرمی حکومەتە . وادەردەکەوێت " ئەرستۆ" لەوباوەڕەودا بووبێت خولێك هەبێت تیایدا ئەم فۆرمانەی حکومەت بەدوای یەکتردابێن . لەو باوەڕدابوو، پاشایەتی لەوانەیە یەکەمین فۆرمی حکومەت بووبێت، کە زوو یان درەنگ " تیرانی" دەرئەنجامەکەی دەبێت . پاشان خەڵکی ڕوو لەهەڵگەڕانەوەو یاخیبون دەکەن و حکومەتی باشترین پیاوان دادەمەزرێنن، بەڵام ئەم فۆرمەش بۆ ئۆلیگارشی دەگۆڕێت، خەڵکی دووبارەیاخی دەبن و " پۆلیتی" پێکدەهێنن، بەڵام" پۆلیتی" ش گەندەڵی تایبەت بەخۆی هەیەو بۆدیموکراسی دەگۆڕێت . خەڵکی،


مۆنتسکیۆ

کەلەوەش بێزاربوون جارێکی دی باشترین تاك هەڵدەبژێرن و دەیگەیەنیە حوکمڕانێتی و لەسەر ئەو ڕەوتە ڕشتەیەکی نوێی گەندەڵی و شۆڕشەکان بەردەوام دەبێت .

ڕیزبەندی ئەرستۆ بۆ حکومەتەکان فۆرمی دامەزراوە
حکومەتی سروشتی خوازیاری خۆشگوزەرانی گشتی
حکومەتی سروشتی خوازیاری خۆشگوزەرانی گشتی
فەمانڕەوایی

تاك پاشايەتی تيرانی فەرمانڕەوايی دەستەيەك ئەرستۆكراتی ئۆليگارشی فەرمانڕەوايی ژمارەيەكی زۆری خەڵك پۆليتی،ديموكراسی ڕيزبەنديەكەی ئەرستۆ ماوەيەكی دوورودرێژ لەلێڵی و تەمدا مابۆوەو لە سەدەی نۆزدەدا بەجدی كەوتەبەر دودڵی و پرسيار، بەڵام متمانەو گرنگی ئەرستۆ هێشتا بەرقەرارەو هەتائێستا هيچ ڕێزبەندييەكی دی بەمەبەستی ڕيفۆرمكردن لەخشتەكەی ئەودا نەكراوە . لەڕاستيدا لەلێكۆڵينەوەی لەبنەمای كۆمەڵايەتی حكومەت و ئاوڕدانەوە لەوئامانجەی حوكمڕان چاوی تێبڕيوە ئەرستۆ زۆر قوڵتر لەبيرياراني دی حكومەت و ڕيزبەنديەكانی شرۆڤە كردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزبەنديەكانی بۆ كۆمەڵگەی هاوچەرخ ، كە زۆر ئاڵۆزبوو، بوەتە شتێكی نەگونجاو.

هەروەها ئەرستۆ چونكە جياكاری لەنێوان دەوڵەت و حكومەتدا نەكردووە ڕەخنەی لێگيراوە، هەروەها وتراوە كەڕێزبەندييەكەی بۆ " دەوڵەت - شار"ی بچوك باش بووە، كەدەستەی هاوڵاتيان هابەشيەكی ڕاستەوخۆيان لەحكومەتی ڕاستەوخۆدا هەبووە، بەڵام بۆ دەوڵەتە نوێيەكان نەشياوە. بەگوتەی " ليكاك" ڕيزبەندی ئەرستۆ( نەيتوانيوە سەرنج بداتە جياوازی نێوان حكومەتی فيدراڵ و نافيدراڵ يان يەك دامەزراوە ...) بەهۆی چەند فاكتەرێكی ترەوە، ڕێزبەندييەكەی بۆ دەوڵەتی نوێ گونجاو نييە، وەك:

يەكەم : هەروەك " ماك ئەيواين" وتويەتی: لەديدی ئەرستۆدا ياسای بنەڕەتی جۆرێك ڕەوشی ژيان پێكەشدەكات، كەدەوڵەت هەموو خەسڵەتە ديارەكانی لەوەوە بەدەسدەهێنێت، بەڵام تەنها چەند بەشێكی دەزگای حكومەت دەتوانێت يەك ڕيتم بەبێ گۆڕانی بنەڕەتيانە لايەنی ژيان بگۆڕێت .

دووەم : تەنانەت ڕيزبەنديەكەی ئەرستۆ واتاو گرنگی نوێی بەدەسهێناوە ." سيلی و فيلۆبی " وتويانە لەيۆنانی كۆندا تەنها چينە باشەكان گرووپی هاوڵاتيانيان پێكدەهێناو تەنانەت لەديموكراسی يۆنانيدا ئەوانە كەمينەی خەڵك بوون . بەمپێيە ديموكراسی يۆنان ئەرستۆكراسی يان ئۆليگارشی ڕووتبووە، بەو جۆرەی ئەمڕۆ دەيناسين، بەڵام پاشئەوەی لەيۆنانی كۆندا هەڵبژاردنی ئەرستۆكراسيانە دەكرا جێگای گومانە ئايا ئەرستۆ حكومەتە نوێنەرايەتيەكانی وەك ديموكراسی پەسەندكردووە يان نا؟

سێيەم: ئەگەر ديدی " گيتانۆمۆسكا" پەسەندبكرێت، كەڕاستيدا لەهەموو كۆمەڵگەيەكدا " چينی دەسەڵاتدار" هەيە لەو حاڵەتەدا بەپێی ڕێزبەنديەكەی ئەرستۆ ئەو كۆمەڵگايانە دەبێت ئۆليگارشی يان ئەرستۆكراتی بوبن.

چوارەم : هەرچەندە ئەرستۆ بەهەموو جۆرە ياسايەكی بنەڕەتيانە ئاشنابووە، كەچی نەيتوانيوە پێشبينی ئەگەری تێكەڵكردن و ئاوێتەبوونی پاشايەتی و ديموكراسی وەك ئەوەی بەريتانيا بكات.

پێنجەم: هەندێك لەڕەخنەگران بەو هۆيەوەی، كە ڕێزبەندييەكەی ئەرستۆ نازانستی و كەمايەتيانەيە، ڕەخنەی لێدەگرن . بەبڕوای ئەمانە ئەرستۆ نەيتوانيوە سەرنج لەتايبەتمەنديیە بنچينەييەكانی فۆرمە جياوازەكانی حكومەت بدات. ئەوەی كەيەك، دەستەيەك يان ژمارەيەكی زۆری تاك لەدەسەڵات سوودمەنددەبن گرنگيەكی نييە، چونكە تەنها پايەی چۆنايەتی ڕيزبەندی حكومەتەكان بنەمای واقيعيانەيە، بەڵام ئەرستۆ ئەوەی ناديدەگرتووە. لەڕاستيدا ڕەخنەگرتنی لەوجۆرە لەئەرستۆ دروست نييە. ڕيزبەندی ئەرستۆ بۆ حكومەتەكان لەسەر ڕەوشی " دروست و گەندەڵ" گەوا هيدەرە كەبنەمای چۆنايەتی فەرامۆش نەكردوە. سەرئەنجام بەو هۆيەوەی ئەرستۆ گرنگيەكی ئەوتۆی بەديموكراسی نەداوەو لەبەر ڕۆڵە نامێژوييەكەی بۆگەندەڵی و شۆڕشەكان، هەروەها غەفڵەتبوونی لەئاوڕدانەوە بۆ فۆرمەكانی دی حكومەت وەك تيوكراسی، ديكتاتۆری سوپايی و پارتايەتی بۆتەمايەی ڕەخنەلێگرتن. ئەوڕەخنانەی لەئەرستۆ گيراون بەويژدانەوەنين، ناكرێت چاوەڕوانی ئەوە لەئەرستۆ بكرێت پێشبينی ئەو گۆڕانكارييانە بكات كەلەسەدەی بيستەمدا ڕويانداوە. ئاشكرايە هەندێك لەو ڕەخنانەی لێگيراوە دەرئەنجامی دەرك نەكردنە بەبيرۆكەكانی، لەگەڵ ئەوەشدا ناشتوانرێت نكوڵی لەوواقيعە بكرێت، كە ڕێزبەندييەكانی لەديدی پێداويستيە هەنوكەييە نوێكانەوە نەشياون، گەرچی هەتا ئێستاش بنەمای مێژوويی هەموو ئەو ڕێزبەنديانەيە تاكو ئێستا ئەنجامدراون(٤).

"جەيمز هرينگتۆن" سامانی كردۆتە پێودانگی ڕيزبەندی حكومەتەكان ولە(١٦٥٦)دا لەكتێبی "زەرياكاندا" وتويەتی، كەلەكۆمەڵگەدا دابەشبوون يان

هاوسەنگی دەسەڵات یان سامان لەهەرفۆرمێکدا بێت ماهییەتی حکومەت و حوکمڕانێتیش بەهەمان چۆنایەتی دەبێت:

(هەرکاتێك تاکێك بەتەنها خاوەنی زەوییەکی بەرفراوان یان داراییەکەی لەبەرامبەر تاکەکانی دی مەملەکەتدا بێهاوتاو خاوەنی زۆربەی خاکەکانی دەوروبەری خۆی بوو بێت، لەوبارەدایە بەبەرهەمدار یان خودانی گەورە ئەژماردەکرا ... لەوحاڵەتەشدا حوکمڕاینەکەی بەتەواوی پاشایانەی ڕەها دەبێت.

کاتێك کەسانێکی دیاریکراو یان چەند نەجیبزادەو ئەشرافێك لەبەرگی پیاوی ئایینیدا یان دواجار هەندێك خاوەن زەوی بەرامبەر بەخەڵکی دی لەباریکی دارابوندابن ... حکومەتەکەیان ئاوێتەیەك دەبێت لەئەرستۆکراسی و پاشایەتی.

هەرکاتێك تەواوی خەڵك خاوەنی زەوی بێت یان دابەشکردنی زەوی لەنێوانیاندا بەجۆرێك بێت، کەهیچ کەسێك یان گروپێك لەژێردەستی تاکێك یان گروپێکی دیدا نەبێت و ئەشرافەکان باڵادەست نەبن، لەو بارەدا حوکمڕانی لەسەر فۆرمی کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەندی دەبێت.

بەمجۆرە بەبڕوای " هرینگتون" دابەشبوونی دەسەڵات و پایەی حکومەت لەگەڵ دابەشبونی سامان یەکسانە(کەلەسەر سوودمەندبوون لە زەوی یان خاوەنداریێتی زەوی کشتوکاڵ ڕاگیرە(٥)).

"مۆنتسکیۆ" فۆرمی حکومەتەکان بەبچوکی و گەورەیی خاکی دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە: " خاسیەتی سروشتی خاوەنداری بچوك ئەمەیە کەلەسەر فۆرمی کۆماریی(کۆماری خەڵکی) بەڕێوە ببرێت. خاسیەتی سروشتیی خاوەنداری ناوەند ئەوەیە، کەخەڵکەکەی ملکەچی پاشایەك بن. خاسیەتی سروشتیانەی ئیمپراتۆرە گەورەکان ئەوەیە کەسوڵتانێکی زۆردار حوکمڕانی بکات(٦)).

سەرەڕای ئەم ڕێزبەندیانە لەنێو ئەو ڕێزبەندیانەی پێشتر خرانەڕوو ڕێزبەندییەکانی(بلونشلی و بورگس و ماریۆت Marriot، لیکاك و سترۆنگ Strong) مایەی ئاماژە بۆ کردنن. "بلونشلی" باسی لە چوارەمین فۆرمی حکومەت، واتە تیۆکراسی، کردوە، کەدەوترێت حوکمڕان ئیرادەی خواوەند بەرجەستەدەکات یان گومان دەکرێت ئەوە خواوەند بێت حکومڕانی بکات. وێنە یان فۆرمی لادەرانەی تێوکراسی یان ئاینسالاری "بتسالاری"یە. ئەم پێشنیازە هێندەخوازراو نەبوو، چونکە دەوڵەت لەئاین جیاکرایەوەو لایەنگرییەکی بەپەرۆش لەجیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت کرا. جگەلەوەش ئاشکرابوو وەك " گارنەر" دەڵێت: " پێناچێت هیچ بنەمایەك، پێوەدانگێك یان ماف و شتێکی دی بوونی هەبێت، کەبەپێی ئەوە ڕێزبەندییەك بۆ دەوڵەتەکان بکرێت و مایەی پەسەندکردن بێت" هەموو تەقەلاکانی دوایی بۆ ڕێزبەندکردنی حکومەتەکان لەسەر بنەمای ناوکۆیی جیاوازەکانی نێوان ئەوانە ئەنجامدرا.

" بورگس" لەکتێبەکەیدا (زانستی سیاسەت و یاسای بنەڕەتی ١٨٩٦) ڕێزبەندییەکی سەرنجڕاکێشی بۆ حکومەتەکان ئەنجامداوە. چوار بنەمای جیاوازی پێشنیازکردوە :



ماكس ويبەر

یەکـەم: یەکسانی یـان نایەکسانی دەوڵـەت لەگـەڵ حکومـەت، کەلەسـەر ئـەو بنچینەیە حکومەتـەکانی بـۆ هەڵبژاردن یان نوێنەرایەتی ڕیزبەند کردوە.

دووەم : ماهیـەتی خـولی دەسـەڵاتداریی دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن، کـە لەسـەر ئەوبنـچینەیە حکومەتـەکانی بـۆ میراتگەری و هەڵبژێراو ڕیزبەندکردوە،.

سـێیەم: پەیوەنـدیی نێـوان دەسـەڵاتی یاسـادانان لەگـەڵ دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن، کەلەسـەر ئـەو بنـچینەیە جیاکاری لەنێوان فۆرمەکانی پەرلەمانی وسەرۆکایەتیدا کردوە.

چـوارەم : چـڕبونەوە یـان دابەشـبونی دەسـەڵاتی حکومەت، کەلەسەر ئەو بنچینەیە حکومەتـەکانی بـەتاك دامەزراوە یان فیدراڵ داناوە.

ئەم ڕێزبەندییـە چەندە مایەی پەسـەندکردنیش بێـت ئاشـکرایەو پێداویـستیەکانی ئێـستا هێنـدە سـەرتاپاگیر نییـە. بۆنمونـە ئـەم ڕێزبەندییانـە سـەرنج لەحکومەتە دیموکراسیەکان نادەن و تیشك ناخەنەسـەر ئـەو چـینە کۆمەڵایەتیـەی پیـادەی دەسـەڵات دەکـاتو ڕابەڕایەتی کۆمەڵگە دەکات یان ئەو ئامانجانەی دەوڵەت تەقەلای دەسەبەرکردنیان دەدات.

"مـاریۆت" بونیـادی سـێ لایەنـەی ڕیزبەنـدی حکومەتەکان پەسەند دەکات:

بنــەمای یەکــەمی ڕیزبەندییەکــەی دابەشــکردنی دەسەڵاتەکانو پشکەکانی حکومەتـە لـەنێوان سـەنتەرو ویلایەتەکاندا. ئەگەر پشکەکان لەسەنتەردا چڕبوینەوەو حکومەتی ویلایەتەکان تەنها خاوەنی پشکە پێدراوەکان بێت بەحکومـەتێکی تـاك دامـەزراوەی دادەنێت. ئەگـەر بەپێی یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتەکان لـەنێوان سـەنتەر و ویلایەتەکاندا دابەشبوبن و ویلایەتەکان خـاوەنی پشکە سـەرەتاییەکانی خۆیـان بـن و لەناوچـەکاندا خـاوەنی ئۆتۆنـۆمی بـن ئـەوا فـۆرمی ئـەو حکومەتـە فیـدراڵی دەبێت.

بنـەمای دووەمـی ڕیزبەندییەکـەی یاسـای بنـەڕەتی سـەخت و نەرمـە لەدەوڵـەتی تایبەتـدا(٧). ئەگــەر حکومـەت خـاوەنی یاسایەکی بنچینەیی سـەخت بێـت جیاوازییــەکی بەرچــاو دەکەوێتــە نێــوان پــشکی یاسـادانانی ئاسـایی و پـشکی یاسـای بنچینەسازو ڕیفۆرمـسازەوە. لەیاسـای بنـەڕەتی نەرمـدا دەسـەڵاتی یاسادانان خاوەنی پشکی یاسای بنەڕەتیشە.

بنەمای سێیەمی ڕیزبەندیەکەی حکومەت پاشایەتی یان سەرۆکایەتی، حکومەتی پەرلەمانی یان کابینەیی و حکومــەتی ســتەمکارە. لــەمبارەدا پەیوەندییــەکانی دەسـەڵاتی یاسـادانان یـان ڕاپەڕانـدن پێودانگـە، ئەگـەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەسـەروو دەسـەڵاتی یاسادانانەوە بێــت لــە گروپــی حکومــەتی زۆردارانــەدا ڕیزبەنــدی دەکرێت" ئەگەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەگەڵ دەسەڵاتی یاسـادانانـدا لەدەســەڵاتدا هـارمۆنی بـن بەحکومـەتی سـەرۆکایەتی دادەنرێـت، ئەگـەر دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن پاشکۆی دەسـەڵاتی یاسـادانان بێـت فـۆرمی حکومـەت پەرلەمانی یان بەرپرسیارێتی دەبێت.

ڕیزبەندییەکــەی " مــاریۆت" دژبــە ڕێزبەندییەکــەی "بۆرگس"ە.

"لیکــاك" خــۆی بــەفۆرمی ئەوحکومەتانــەوە سـنورداردەکات کەهـەن و هـەموو فۆرمـە مێژووییـەکان دەکاتـە دەرەوەی ڕێزبەندییـەکانی. سـەرەتا دەوڵەتـەکان بـۆ دوو گروپـی سـتەمگەرو دیموکراسـی دابەشـدەکات، لەدەوڵەتـە سـتەمگەراکاندا دەسـەڵاتێکی فـرە لەپـشکی تاکە کەسێکدایە، کە بەپێی ئیرادەی خۆی و بەبێ هیچ جۆرە گەرانەوەیـەك بـۆ خواسـتەکانی خـەڵك حـوکمڕانی دەکات. لەلایـەکی دیـیـەوە لەدەوڵەتـە دیموکراسـیەکاندا دەســـەڵاتی حــوکمڕانیکردن لــە پــشکی زۆربـــەی خەڵکیدایـە، دیموکراسـیەت لـە کرۆکـدا بـۆ پاشـایەتی ســـنوردار " ســـەڵتەنەتی مورجـــدار" و کۆمارەکـــان دابەشـدەکات. لەپاشـایەتی سـنورداردا" سـەڵتەنەتی مەرجـدار" پاشـا بـەپێی دەقـی یاسـای بنـەڕەتی حوکمڕانەو دەسەڵاتێکی واقیعانەی نییە، هەرچەندەش هەموو هەنگاوەکان بەناوی ئەوەوە ناودەبرێن . نمونەی ئەمجۆرە حوکمەش بەریتانیایە لەکۆماریدا ئـەو کەسـەی باڵادەستە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبـژێراوە. هەریەکـە لـەم دوو فۆرمـەی حکومـەت دەکرێت لەسـەر بنچینەی چڕبونەوە یـان دابەشـبوونی دەســەڵات دووبـارە لەناوخۆیــدا بــۆ فــۆرمی تــاك دامــەزراوەیی حکومــەت و فیــدراڵی دابەشــبکرێت. دەوڵــەتی تــاك دامــەزراوەیی بەدەوڵــەتێك دادەنێــت کەتیایــدا دەســەڵاتی حــوکمڕانیکردن لەســەنتەردا کۆبوبێتـەوە، ئەگـەر هەیـە لەحکومـەتی تاك دامـەزراوەدا حکومــەتی لۆکـاڵیش هــەبن و لەودەســەڵاتەی پێیــان بەخشراوە سوودمەندبن. لەلایـەکی دییـەوە حکومـەتی فیدراڵی بەهۆی ئەو یەکێتییەی دەوڵەتەکان حکومەتێکی سـەنترالی پێدروسـت دەکـەن، هەنـدێك پـشکی خۆیـانی

پێدەبەخشن و پشکەکانی دی بۆ خۆیان گل دەدەنەوە، ئەو حکومەتە پایەدار دەبێت. لەم فۆرمی حوکمڕانیەدا بەپێی بەندەکانی یاسای بنەڕەتی پشکەکان لەنێوان سەنتەر و ویلایەتەکاندا دابەشبوە. دەوڵەتە تاك دامەزراوەو فیدراڵیش دووبارە بۆ دابەشبوونی ناوکۆیی فۆرمی پەرلەمانی و ناپەرلەمانی لەسەر بنچینەی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن دابەش دەبن . لەفۆرمی حوکمڕانی پەرلەمانیدا دەسەڵاتی راپەڕاندن لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانانەدا بەرپرسە، لەکاتێکدا لە فۆرمی ناپەرلەمانی " واتە لە فۆرمی سەرۆکایەتی" حکومەتدا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەرپرس نییە لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانان




و خاوەنی دەسەڵاتێکی هاوتەریبی ئەوە.

ڕیزبەندیەکەی "لیکاك" بۆ ڕونکردنەوە دەکرێت بەمجۆرە بخرێتەڕوو:

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەنانەت ڕیزبەندییەکەی "لیکاك"یش نەگونجاوە. بەرامبەر بەگرنگترین جیاوازی حوکمڕانی ئەمڕۆ، واتە حکومەتی تاك حزبی یان فرەحزبی، بێئاگابوە. لەوانەیە پێودانگێکی گرنگی دی ئەوەبێت، کەئایا دەوڵەت ڕەزامەندە لەسەر ئازادییە مەدەنی و سیاسیەکانی هاوڵاتیەکانی خۆیو ئەگەری حوکمڕانی یاساو پاراستنی قەزایی لەمافە مەدەنیەکان فەراهەم دەکات یان نا؟ سەرەڕای ئەوانەش

لەسەربنچینەی پێکهاتەی چینایەتی دەستەبژێرانی حوکمڕان و ئەوئامانجانەی حکومەت چاوی تێبڕیوە جیاوازی گرنگ لەئارادایە. ئەم پرنسیپە ئەرستۆییانە جارێکی دی لەکۆمەڵگەی ئەمڕۆدا واتا بەدەسدەهێننەوەو ناتوانرێت نادیدەبگیرێن، هەروەها دەکرێت بەمجۆرەش سەیری پرسەکە بکرێت، کە ئایا حکومەت بەنیازەو لەتێکۆشاندایە بۆ دەسەبەرکردنی کۆمەڵگەیەك، کە تیایدا هەموو هاوڵاتیان هەلی یەکسان و لانی کەمی ئاستی بژێوی بۆ زامن کرابێت یان نا؟ لەواقیعدا زانستی سیاسەت بێماناو بێکەڵك دەبێت ئەگەر تەواو خۆی بە بونیادنێکی فەرمیەوە سنورداربکات و ئەو ئامانجانەی ئەم ئامڕازە فەرمیانە دیاریدەکەن نادیدەبگرێن.

ڕیزبەندی "ئەسترانگ" پێشنیازی پێنج ناونیشان دەکات، کەلەسەر بنەمایان دەکرێت ئەوحکومەتانەی لەسەر یاسای بنەڕەتیی وەستاون ڕیزبەندی بکرێن :

١- ماهیەتی حکومەت بەپێی یاسای بنەڕەتی. لەژێر ئەم ناونیشانەدا حکومەتەکانی تاك دامەزراوەو فیدراڵی " یان نیمچە فیدراڵی" ڕیزبەندی دەکات. لەم ڕیزبەندییەدا گریمانەی دابەشبونێکی دیش لەسەربنەمای چڕبونەوە، بەلۆکاڵبوونی حکومەت یان بونی توخمێکی بەهێزی حکومەتی لۆکاڵی لەناو دەوڵەتدا دەکات .

٢- ماهیەتی خودی یاسای بنەڕەتی، ئایا نەرمە یان سەختە.

٣- ماهیەتی دەسەڵاتی یاسادانان. لەم بابەتەدا گرنگی دەدرێت بەسیستمی هەڵبژاردنەکان(مافی دەنگدان و سنوری دەنگدەران)، کەبەهۆیەوە دەنگدەران ئەندامانی ئەنجومەنی خوارەوە هەڵدەبژێرن" ماهیەتی ئەنجومەنی باڵا (هەڵبژێراو، هەڵنەبژێراو یان نیوەهەڵبژێراو)وکۆنترۆڵە گشتیە ڕاستەخۆکان (ریفراندۆم، بایکۆتی گشتی، لێپرسینەوە) .

٤- ماهیەتی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، ئایا پەرلەمانیە یان ناپەرلەمانی" واتە سەرۆکایەتی"؟

٥- ماهیەتی دادگایی، ئایا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن پەیڕەوی لەسەروەری یاسا دەکات یان سیستمێکی سەربەخۆ لەیاسای بەڕێوەبردن پشتیوانی دەکات؟.

ئەم ڕیزبەندییە تاڕادەیەك بەشێوەیەکی تەواو پەیوەندی بەبونیادی فەرمی دەوڵەتەوە هەیەو مەبەست و ئامانجەکانی ڕون ناکاتەوە" هەروەها سەبارەت بەپێکهاتەی چینایەتی و جیهانبینی دەستەبژێرانی حوکمڕان ڕونکردنەوە نادات بەدەستەوە. لەمڕەوە هەمان ئەو ڕەخنانەی لەڕیزبەندی "لیکاك" دەگیرێت ئاڕاستەی ئەمیش دەکرێت.

" جۆرج شوارزتیەرگەر" دەوڵەتەکانی بۆ نەتەوەیی و چەند نەتەوە دابەشکردوە. دەوڵەتە چەند نەتەوەکانیش دووبارە بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەبێن :-

١- دەوڵەتی خانەدانەکان، وەك "نەمساو هەنگاریا" پێش یەکەم جەنگی جیهان.

٢- دەوڵەتە ئاینیەکان، وەك (ئیمپراتۆری عوسمان تا١٩١٩).

٣- دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان.

٤- دەوڵەتە بەرژەوەند هابەشەکان.

٥- دەوڵەتەفیدراڵەکان.

٦- دەوڵەتە نیمچە فیدراڵەکان.

"ماکس فیبەر" لەڕیزبەندی حکومەتەکاندا سەرنجی لەپرسی ڕەواییان داوەو گوتویەتی( ئەگەر هەیە ئەندامانی سیستم بانگەشەی ڕەوایی حوکمڕانێتی ڕابەڕەکانیان لەسەر ئەم سێ بنەمایە پەسەند بکەن:

١- باو" سونەتی" .

٢- چۆنایەتی ئاوارتەیی کەسێتی.

٣- باری یاسایی، چونکە لەنێوان شەرعی بوون و دەسەڵاتدا پەیوەندییەکی تەسکی بینیوە، واتە دەسەڵاتی ڕەوای بە دەسەڵاتدار ناوبردوە. وتویەتی کەئەوسێ بنەما سەرەکیە هاوبەندی یەکێك لەسیما (پوخت یان بیغەلوغەش)ەکانی دەسەڵاتە:

١- دەسەڵاتی باو

٢- دەسەڵاتی کاریزمایی.

٣- دەسەڵاتی یاسایی(٩).

لەڕیزبەندیەکەی " ماکس فیبەر"دا حکومەتەکان لەسەربنەمای جۆری ڕابەڕایەتی دابەشبوە:

١- حکومەتێکی لەسەر ڕابەڕایەتی ترادسیۆنی بەندە. واتە ڕەوایی (دەسەڵات، حکومەت)بەندە بەبڕوابوون بەحورمەتی دێرینەی سونەتەکان و پێداویستی پەیڕەویکردن لەو ڕابەرانە، کەدەسەڵاتەکان دەقاودەقی سونەتەکان پیادەدەکەن. بەگوتەی " فیبەر" حاڵەتی لەو جۆرە بەرایترین و گشتیترین باری دەسەڵاتە.

٢- حکومەتی ڕاگیر لەسەر سیفاتی نائاسایی کەسێتی( کاریزمایی، شکۆمەندی)، کە تیایدا ڕەوایەتی ڕاگیرە لەسەر ملدان بۆ قەدەغەکراوە تایبەت و ئاوارتەکان و چالاکی قارەمانانە یان کەسێتی دیاری تاکێکی ئاوارتە و خاوەن پرنسیپی مەعنەوی یان سیاسی، کەلەخۆیدا بەرجەستەی دەکات یان بەجۆرێکی ئاسایی خاوەنێتی.

٣- حکومەتی پشت ئەستور بەیاسا. ڕەوایی پشت بەوباوەڕە دەبەستێت کەدەسەڵات بەشێوەیەکی یاساییانە بەڕێوەبرێت. لەسەر بنەمای ئەم لایەنە لەڕەوایەتی بەهۆی یاسایی بونی ڕوتی بڕیارەکانی یاسای بنەڕەتی، یاساکانی وڵات و دەسەڵاتی پۆستە حکومیەکان دەبنە ناچاریی و هەرهێندە بەشێوەیەکی یاسایی ئەنجامبدرێت بەڕەوا دادەنرێت.

٢-فۆرمە کلاسیکیەکانی حکومەت

ڕیزبەندییەکانی " ئەرستۆ" بۆحکومەتەکان چیدی بۆ جیهانی پڕ فۆرمە جۆربەجۆرەکانی حوکمڕانی ئەمڕۆ گونجاو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بەڵگە مێژووییەکان جێگای خۆیەتی فۆرمە سەرەکیەکانی ئەوحکومەتانەی لەڕیزبەندیەکەیدا باسی لێوەکراوە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

أ- پاشایەتی :

پاشایەتی کۆنترین فۆرمی حکومەتە. ئەگەر چی فۆرمی حکومەتی پاشایەتی لەچاخی نوێدا بەهۆی سەرهەڵدانی خێرای دیموکراسیەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام لە وڵاتانی وەك بەریتانیا، نیپاڵ، بەلژیکا، ئەرەبستانی سعودی و ژاپۆن" و چەند وڵاتێکی دی هێشتا بەرقەرارە. دەتوانین پاشایەتی دابەش بکەین بۆ :

١-میراتگری

٢-هەڵبژێراو

٣-ستەمگەری " زۆرداریی"

٤-سنوردار یان پشتبەستوو بەیاسای بنەڕەتی.

١- پەشایەتی بەمیرات:

جۆرێکی سروشتییە. لەمجۆرەدا پاشا بەپێی یاسای باڵادەستی یان ڕێسای پتەوی جێنشینی دەگاتە

حکومەت، واتە ئۆتۆماتیکی گەورەترین کوڕ پاش مەرگی باوک دەبێتە جێنشین. چۆنیەتی ئەو جێنشینیە یاسای بنەڕەتی یان سیستمێکی تایبەت یان هەر ڕەوتێکی دی دیاری دەکات.

٢-پاشایەتی بەهەڵبژاردن:

پاشایەتی بەهەڵبژاردن گرێدراوی ڕابردووەوە. ئمپراتۆرە بەراییەکانی ڕۆم و پاشاکانی پۆلۆنیا هەڵدەبژێران. لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا پاشایەتی بەهەڵبژاردن باوبوو. لەئێران (نادرشا) بەهەڵبژاردن بۆتە پاشا. بە تێپەڕبوونی کات پاشایەتی هەڵبژێراو بۆ پاشایەتی بەمیرات گۆڕاوە.

٣- پاشایەتی ستەمگەرانە:

پاشایەتی ڕەها یان ستەمگەر جۆرێکە کەپاشا سەرۆکی واقیعانەی دەوڵەتەو دەسەڵات و ئیرادەی خۆی بەپێی ویستی خۆی پیادەدەکات. " لویسی چواردە" دەیگوت(دەوڵەت منم و یاساکانی دەوڵەت لەسینەی مندایە). نمونەی تری پاشایەتی ستەمگەر زۆرە، پاشاو

ئەمجۆرە کەبەسەڵتەنەتی مەرجداریش ناودەبرێت، یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتەکانی سنورداركردووە. لەهەندێك بابەتی تایبەتدا خەڵکی بەزۆر مافی یاسای بنەڕەتیان لەپاشاکان سەندووەو لەهەندێك بابەتی دیدا پاشاکان بەدەستپێشخەری خۆیان یاسای بنەڕەتیان داناوە. بەمپێیە پاشایەتی سنوردار هەمان ئەو پاشایەتییە کەلەسەر یاسای بنەڕەتی ڕاگیرە. تاکە جیاوازی لەنێوان پاشایەتی سنوردار و سیستمی کۆماری ئەوەیە، کە لەکۆماریدا سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەهەڵبژاردن دەبێت، لەکاتێکدا لەپاشایەتیدا بەپێی یاسای بنەڕەتی سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەمیرات دەبێت(١١). هەموو پاشماوەی پاشایەتی لەئەوروپاو هەندێك لەئاسیاو ئەفریقا لەوجۆرەن(١٢).

لەپاشایەتی سنووردارا پاشا هەروەك وترا بەپێی یاسای بنچینەیی یان ئایدۆلۆژیای بونیادێکی تایبەت سنوردارکراوەو ئەو وەزیرانەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێراون بەناوی ئەوەوە دەسەڵات پیادە دەکەن.




سولتانەکانی ئێران ، تزار" قەیسەر"ەکان ڕوسیا، پاشاکانی پروس، ئیمپراتۆرە عوسمانیەکان نمونەی ئەو جۆرە پاشایەتیەن، بەڵام زۆربەیان تاکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی لەناوچوون. لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیدا پاشایەتی ستەمگەر پاشەکشەیکردو ئێستا تەنها چەند دانەیەك دەبینرێت.

٤-پاشایەتی سنوردار:

پاشایەتیە سنوردارەکان لە وڵاتانی وەك "بەرتیانیا و بەلژیکا " و چەند وڵاتێکی دی هەن. ئەمجۆرە پاشایەتیانە دەستکەوتە دیموکراسی و تازیاری پاشایەتی بەمیراتیان لەخۆدا کۆکردۆتەوە. بۆ نمونە لەبەریتانیا هێشتا پاشا بەبەشێکی دانەبڕاوی دەوڵەت دادەنرێت، هێشتا ورشەیەك لەپیرۆزکراوی لەدەوری دەدرەوشێتەوە. لەم وڵاتەدا سودمەندیەکانی پاشایەتی سنوردار هۆکاری

بنەڕەتی مانەوەیەتی. پاشای ئینگلستان مافی ئەوەی هەیە ڕاوێژ بکات، جۆشوخرۆش ببزوێنێت و ئاگادارکردنەوە بدات، بەڵام لەوە زیاتر چمافێکی دیکەی نییە. هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی واقیعی پیادەناکات، حکومەت لەدەستی ئەو وەزیرانەدایە کەلەدەسەڵاتی یاساداناندا نوێنەری زۆرینەن و دەسەڵاتی یاسادانانیش هەموو چوار ساڵ جارێك پاش هەڵبژاردنی گشتی بەرپرسیارێتی خۆی نوێدەکاتەوە. بەمپێیە پاشایەتی سنوردار هەلێکی واقیعی بەخەڵك دەدات تا لەپرسە گشتیەکاندا بەشداری بکەن و ئەو بەڕێوەبەرانە هەڵبژێرن، کە بەخواستی ئەوان وڵات بەڕێوەدەبەن. لەپاشایەتی سنورداردا دوا حاکمی واقیعی خەڵکن.

١-سودەکانی پاشایەتی ستەمگەر

لەرۆژگاری ڕابردودا لەهەموو شوێنێك دامەزراوەی پاشایەتی بەربڵاوبوو. ئەو بەربڵاوییە ئاشکرایەی لەڕابردودا هەبوو ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەبێت خاوەنی سودمەندی بووبێت.

١- لەگەڵ ژیانی مرۆڤی سەرەتایی گونجاوبوو. خەڵکە سەرەتاییەکان دڕندەو بێبەزەیی بون. کەسێکی بەهێز، کەدەستی بەسەر بونیادی پاشایەتی، هەیبەتی ئاینی و هێزی سوپادا ڕۆشتبێت توانیویەتی ئەو خەڵکە بخاتە ژێر ڕکێفەوە" ئاژاوەکانی لەناوبردوەو کۆمەڵگەی گونجاندوە. بەگوتەی " میل"( ستەمگەری شێوەیەکی ڕەوای حومەتە بۆ لە عەوده هاتنی دڕندەکان).

٢- ئامادەیی و توندوتۆڵی کارکردن. پاشا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بۆ گرێدراوی بیروبیروڕای زۆرینە نییە. بەپێچەوانەی دیموکراسیەکانەوە، کەجوڵەو چالاکیەکی سستیان هەیەو کاتێکی زۆر بەلێکۆڵینەوەی دووردرێژا بەسەردەبەن، پاشایەتی ستەمگەر بەئامادەییەکی تەواوو توندوتۆڵییەوە کاریکردوەو ڕوبەڕوی ڕوداوەکان بۆتەوە.

٣- جێگیری حکومەت. پاشا وابەستەی هەوەسەکانی دەسەڵاتی یاسادانان نییە، هەروەها بەهۆی دەنگی نەیارەوە لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا بەرکەنار ناکرێت . لەمڕووەوە فۆرمێکی جێگیری حکومەتە.

٤- پایەداری و بەردەوامی سیاسەتەکان. کاتێك حکومەت پایەدارو جێگیربێت دەتوانێت لەناوخۆو دەرەوەدا سیاسەتی خۆی بەجۆرێکی بەردەوام درێژپێبدات. ئاڵوگۆڕو ناجێگیریی و حکومەتی چەندبارەیی، کەلەدیموکراسیەکاندا ڕوودەدات، زۆرجار دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەردەوامی سیاسەتەکان.

٥- خزمەتگوزاری باشی کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوەی پاشا کەسێکی بێلایەنە دەسەڵاتی وابەستەی بیروڕای خەڵك نییە. وەك کەشتیوانێکی شارەزاو ئەزمون دیدە بەبێ هیچ دژوارییەك و بەئاسودەیی کەشتی گەورەی (حکومەت یان دەوڵەت) ڕێنمایی دەکات . ڕژێمەکانی شاژنە " ئەلیزابێت" لەئینگلستان ، لویسی چواردە لەفەرەنسا و "پترۆسی گەورە" لە ڕوسیا گەواهی ئەو ڕووداوەن، کەپاشایانی خێرخواز لەباشترین باری دەسەڵاتداری و جێگیریدا خزمەتیان بە خەڵکی خۆیانکردوە.

٦- ڕوبەڕوبونەوە دژ بەستەمگەری فیوداڵەکان. تزارەکانی ڕوسیا و پاشایانی زنجیرە" تو" لەئینگلستان پشتیوانیان لەرەعیەتەکان دژ بەفیوداڵەکان کردوە. لەبەرئەوە گوندنشینەکان لەژێردەسەڵاتی پاشاکانیاندا هەستیان بەئارامی کردوە.

٧- ناسینی ئامادەکاریەکان. لەبەرئەوەی پاشاکان دەکەونەسەروو سیاسەتی پارتەکانەوە دەتوانن داوای ڕاژەی هاوڵاتی کاریگەرو ئامادەکار بکەن تالەکاروباری دەوڵەتدا دیدی ڕاوێژکارانە بخەنەڕوو. لەدیموکراسیدا سەرکردەی هەڵبژێراوی خەڵك ناتوانێت لەهەڵبژاردنی یاریدەدەرانیدا ئازادبێت، چونکە تێبینیە حزبیەکان بەسەر هزریەوە کاریگەرن.

٨- پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ئابوری. لایەنگرانی پاشایەتی بانگەشەدەکەن، کەوڵاتانەکان لەژێرسایەی پاشایەتیدا شکۆفەیانکردو پاشاکان دۆستداری هونەر، تەلارسازی و ئەدەب بون. پشکەوتنی هزری دراماتێکی نوسەرانی وەك "شکسپیر" لەسەردەمی شاژنە "ئەلیزابێت" پشتگیری ئەو بیروڕایە دەکات" لەوسەردەمەدا پاشا زەمانەتی خاوەنداری دەکردو هانی پیشەسازی دەدا" پاشا لەنێورەعیەتەکەیدا وەك باوك لەنێوان وەچەکانیدا ژیاوەو لەوڕووەوە هەوڵیداوە ژیانێکی درەخشاوەی بەرزی ئابوری ببەخشێت. "ئەرستۆ، دەیڤیدهیۆم، تۆماس هابز" لەوفەیلەسوفە مەزنانە بوون کەلایەنگریان لە پاشایەتی ستەمگەرکردوە.

٢- زیانەکانی پاشایەتی ستەمگەر.

زۆری ئـەو سـودانەی بـۆ پاشـایەتی سـتەمگەر ئەژماردەکرێت لەبەرامبەر زیانەکانیدا پوچ دەردەچن.

١- زۆرداری پاشایانە. پاشای خێرخوازو کارامە زۆردەگمەن بون. مێژوو پڕە لەنمونەی پاشای گەندەڵ، بێدەسەلآت ،کینەدارو دڵڕەق. زۆربەی پاشاکان ئامرازی دەسـتی وەزیرانـی گەنـدەڵ ودەسیـسەسازو شـاژنی فریوکـاربون" ژیـانێکی هـەرزەییان هـەبوەو زۆربـەیان زۆردارانە حوکمڕانی خەڵکیان کردوە.

٢- ڕەتکردنـەوەی حکومـەتی لێوەشاوە. حکومـەتی باش ڕێگری حکومەتی لێوەشاوە نییە، بەلآم پاشایەتی هەرچـەندە کـەمومکین بێـت بـاش بێـت پێـچەوانەی حکومـەتی لێوەشـاوەیە. حکومـەتی لێوەشـاوە ئـەو توانستە بەخەڵکی دەبەخشێت کەتایبەتمەندی گونجاو بـۆ کۆمەڵگـەی دیموکراسـی بەدەسـتبهێنن، پاشـایەتی بەڕەتکردنـەوەی حکومـەتی لێوەشاوە خەڵکی لـەڕووی سیاسی و فکریەوە دەخەوێنێت.

٣- نائـەفلانی بـونی جێنـشینی. لەخەوشـەکانی پاشـایەتی میراتـی ئەوەیـە، ئەگـەر هەیـە پاشـایەکی ناکارامە، بێدەسەلآت، تەمەڵوتەوەزەل، بچوك و زۆردار ببێتە جێنشینی پاشایەکی ئاقڵ، بەهێز، نەجیب، کامڵ و هۆشمەند. لویسی چواردە جێگـای خـۆی بەلویسی پانزە و شانزەدا، کەنەك تەنها ناکارامە، بەڵکو زۆردار و زاڵمبـوون. لـەو ڕەوەوە ئاشـکرایە کەئـەم فۆرمـەی حکومـەت بۆشـاییەکی زۆری بـۆ ڕێکـەوت و چـانس تێدایە.

٤- زیانباریی پاشای لاواز. ئاشکرایە پاشای لاواز ئەگەر لەدیدی ڕاوێژکاریی وەزیرانی ئاقل بێئاگابێت و زیـاتر لەسـەر بنـەمای هـەوەس و ئارەزوەکـانی خـۆی کاربکـات لەوانەیـە پێکـدادان و زیـانی زۆر بەدەوڵـەت بگەیەنێت.

٥- نائارامی حکومـەتی پاشایەتی. پاشا هـەرگیز هەست بەئارامی ناکات، هەمیشە نیگەرانی دەسیسە و چـاوڕاوەکانە. لـەوڕەوەوە بـەردەوام سیاسـەتێکی سـەرکوتکارنە پیـادە دەکـات، بـەلآم سـەرکوتکردن نـارەزایی زیـاتر دەوروژێنێـت و سـەرئەنجام بەشـۆڕش دەکات.

٦- حـەزی ئیمپریالیـستانەی پاشـاکان. زۆربـەی پاشـاکان مـەیلیان لەدەسـەلآتی زیـاترو بەدەسـتهێنانی خاکی زۆرترە. ئەو سەرکێشیانە زۆرجار بۆ زۆرینـەی خـەڵك بەگـشتی وێرانکـاری بـوە. هەنـدێك لەپاشـاکان بەبزواندنی هزری خەڵکی بەناوی سەرکەوتن و پیرۆزی و دەسکەوتی جەنگیەوە خەڵکیان تەفرەداوە، بەلآم ئەو جـۆرە بەرنامـە دەسـتدرێژییە پڕمەترسـییە زیـانی لەبەرژەوەنـدی خەڵکـداوەو مێـژوش پـڕە لـە نمونـەی لەوجۆرە.

ب: ئەرستۆکراسی.

زاراوەی ئەرستۆکراسـی لـەزاراوەی یۆنـانی (ئەریستۆس) وەرگیراوە، کەبەواتای باشترین دێت. زۆر لـەبیریارە سیاسـیە یۆنانییـەکان ئەرستۆکراسـیان بەباشـترین حکومـەتی هاولآتیـان دانـاوە. (ئەرسـتۆ) وتویەتی(ئەو حکومەتەی چاوی لەڕیفۆرمی گشتی بێت .. ئەگـەر لەلایـەن گروپێـك لەخەڵکیـەوە پیادەبکرێـت بەئەرستۆکراسـی ناودەبرێـت. لەوانەیـە لەبەرئـەوەبێت کەباشترین خەڵکی(Aristio)تیایدا حکومڕانی دەکەن، یاخود لەبەرئـەوەبێت ئامانجی دسـەبەرکردنی باشترین شتەکانە(Aristio) بۆ مەملەکەت و ئەندامەکانی(١٣).

بەپێی پێناسـەی " گارنـەر" ئەرستۆکراسی بریتیـە لە( فۆرمێك لەحکومەت، کەچەند کەسێك تیایدا پیادەی دەسـەلآتی سیاسـی دەکـەن(١٤)). بـەدەربڕینێکی ورد دەکرێت بوترێت، کەئەرستۆکراتی فۆرمێکی حکومەتە وتیایدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەندێکی کەم لەهاولآتیان بەشـداری لـەدیاریکردنی پۆسـتی گـشتی و داڕشـتنی سیاسەتەکاندا دەکەن. بەبڕوای "یلینك" ئەرستۆکراسی ئەوشێوە حکومەتەیە کەهەندێك لەچینی تایبەت ڕۆڵی دەسـەلآتدار دەگێـڕن، ئەگـەر هەیـە ئەرستۆکراسـی



لەپــشکی پیــاوانی ئــاینی، ســوپایی، پیــشەوەران، خاوەندارانی زەوی یان ئاوێتەیەك لە هەموویان بێت. ئەرستۆکراسی لەسەدەی چوارەم تا دووەمی پێش زانین لەڕۆمدا باوبوو. هەتائێستاش توخمی ئەرستۆکراسی لەئەنجومــەنی لۆردەکــانی بــەریتانیادا دەبینرێــت. "ئەرستۆ" ئەرستۆکراسی بەفۆرمی سروشتی حکومەت و ئۆلیگارشی بەجۆری گەندەڵی حکومەت وەسفکردوە. بەوپێیەش ئۆلیگارشی بەحکومەتێکی گەندەڵی چەند کەسی داناوە. " ڕۆسـۆ" ئەرستۆکراسی بەسروشـتی هەڵبژاردن و میراتگری داناوەو بەحکومەتی کەسانێکی زانیـوە، کەبـەپێی سروشـتی توانـای ڕابەڕایـەتیکردن باشـترین کەسـانن بـۆ حـوکمڕانیکردن. ئەرستۆکراسـی هەڵبـژێراو حکومـەتێکی بەرێـژە کەمایەتیـە، کەلەلایـەن خەڵکەوە هەڵبژێراون" لەلایەکی دیکەوە ئەرستۆکراسی میراتگری بەحکومەتێك دادەنێت، کەدەسەلاّت لـەڕێگای باوکـــەوە بـــۆ وەچـــەکان دەگوێزرێتـــەوە. ئـــەمڕۆ ئەرستۆکراسـی نــاوێکی دییــە بــۆ ئۆلیگارشــی، کەحکومـــەتی دەســـەلاّتدارانە بۆدەســـەبەرکردنی بەرژەوەندی کەسایەتی یان چینایەتی(١٥).

١- سودەکانی ئەرستۆکراسی:

لەسـەردەمە زۆر کۆنەکانـدا لەسـەر ئـەم بنەمایانـەی خوارەوە پشتگیرییەکی زۆر لە ئەرستوکراسی کراوە :-

١- فــۆرمی سروشــتیانەی حکومەتــە. وتــراوە کەئەرستۆکراسی فـۆرمی سروشتیانەی حوکمڕانییـە، چـــونکە بەشـــێوەیەکی سروشـــتی تەنانـــەت لەدیموکراسیـشدا گروپێکی بـچوك لەخـەڵك دەسـەلاّت بەڕێوەدەبــەن و حــوکمڕانی هــەموو خــەڵك دەکــەن. هەتائەمڕۆش لەبەرتیانیا، کە خاوەنی دیموکراسییەکی دێرینەیـــە، درێـــژەدان بـــە ئەنجومـــەنی لۆردەکـــان بەردەوامەو ئاماژەیە بۆ گرنگی ئەرستۆکراسی.

٢- چــاکەکاری میانــەڕەوی. تــەگبیر وەرگــرتن و میانەڕەوی لە تایبەتمەندی ئەرستۆکراسیە. بەگوتـەی " مۆنتسکیۆ" میانەڕەویەکی لەسەر چاکەکاری وەستابێت ڕۆحــی ئەرستۆکراســییە. حکومــەتی ئەرستۆکراســی بەدەگمـەن گۆڕانکـاری بنچینەیی یـان دەستپێـشخەری بەپێویـست دەدانێـت، چـونکە لەوەنێگەرانـە ئـەوجۆرە گۆرانکارییانــە ســەرئەنجام بەشــداریکردنی خــەڵك زیادبکات و نەتوانرێت ڕێگا لەبەرگریکردنیان بگیرێت. وەسـتانی محافیزەکارانـەی ئەرستۆکراسی لەبەرامبـەر هەڵـچونەکانی خرۆشـاندن و هەسـتە سیاسـیەکان وەك ئاســـــتەنگێکی بـــــاش کـــــاریکردوەو لـــــەوڕووەوە ئەرستۆکراسی ڕێگری دیموکراسی بوو .

٣- فـۆرمی جێگیریــی حکومــەت. تایبەتمەنــدی محافیزەکارانـــــەو میانـــــەڕەوی حکومەتـــــەکانی جێگیربوبـــەتوانا کـــرد. " مۆنتـــسکیۆ" میانـــەڕەوی بەتایبەتمەنــدی بنــەڕەتی ئەرستۆکراســی دانــاوە، کــەهۆکاری جێگیرییەکــەی بــوو. ئەرستۆکراســی دورە لەخەوشـــەکانی پاشـــایەتی ســـتەمگەرو دورە لـــەو حوکمڕانیەی گشتی خەڵکیش کەلەدیموکراسیدا هەیە.

٤- فێربـــون لەئەزموونەکانـــەوە. لەبەرئـــەوەی ئەرستۆکراســـی بـــڕوای بەمیانـــەڕەوی هەیـــە، چـــاو لەڕابردوو ناپۆشێت و لە ڕاستیدا سود لەئەزمونەکانی ڕابردوو دەبینێت و لەبیریان ناکات. پاراستن و درێژەدان بەنەریت و دابی دێرینـەکان یاریدەی دەدات پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوو نەپچڕێت.

٥- ســـەرنجدان لەچـــۆنایەتی. بەپێـــچەوانەی دیموکراســـییەوە، کـــەگرنگی بەچـــەندایەتی دەدات، ئەرستۆکراسی گرنگی بەکەسێتی تاکەکان و چۆنایەتی کارەکـــان دەدات. لـــە ئەرستۆکراســـیدا تـــەنها هـــەل بەکەسانی پڕبەهاو هۆشمەند دەدرێت حوکمڕانی وڵات بکـەن. بەگوتــەی "کارلایــل" ( گەمــژەکان قازانجیانــە لەژێرحوکمڕانی ئاقڵەکاندا بن).

٢-زیانەکانی ئەرستۆکراسی.

کـــارکردنی حکومـــەتی ئەرستۆکراســـی ئـــەوەی پێشانداوە، کە فۆرمێکی سودبەخشی حوکمڕانی نەبوە، لەبەرئــەوە متمانــە پێنــەکراوەو پــشتگوێ خــراوە. زیانەکانی لەبەرئەم هۆیانەبووە :

١- ســنورداریێتی ئەرستۆکراســی دەبێتــە هۆکــاری سنوداریی حوکمڕانێتی، چونکە ئەرستۆکراتەکان جگە لەچینەکەی خۆیان چینەکانی دی خەڵك نادیدە دەگرن. لـەمڕوەوە تـەنها بیر لەبەرژەوەنـدەی خۆیـان دەکەنـەوەو گەندەڵ دەبن و سەرئەنجام بۆ ئۆلیگارشی دەگۆڕێن .

٢- قەتیسبون و بێجوڵەیی. میانەڕەوی و بێجوڵـەیی ئەرستۆکراسـی بەشـێوەیەکی ئاسـایی بـۆ قەتیسبون و چەقبەسـتن دەگـۆڕێـت. ئـەم کـارەش دەبێتـە ئاسـتەنگی بــەردەم پێــشکەوتنی وڵات و هەماهــەنگیکردن لەگــەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم.

٣- زیادەخەرجی ئەرستۆکراسی بڕوای بەفڕیوکاری دڕۆزنانـــەو شـــکومەندی پلەوپایـــە هەیە،کەلەســـەر دەستکەوتی خەڵك تەواو دەبێت. بێگومان خۆدەرخستن

پەرە بەشکۆمەندی حکومەت دەدات، بەڵام دەشبێتە هۆی زیادە خەرجیکردن.

٤- دژواری لەدانانی کەسی شایستە تەنانەت ئەگەر ئەوەش پەسەندبکرێت، کەئەرستۆکراسی حکومەتی باشترین خەڵکە. ئەم پرسیارە لەجێی خۆیدایە، کەچۆن دەکرێت باشترین دیاری بکرێت؟ لەدایکبون لەخێزانێکی ئەرستۆکرات یان هەبونی سامان پێودانگی دروست نییە بۆ هەڵبژاردنی باشترین. لەخێزانە گەورەکانیشدا خەڵکی لاواز و بێتوانا دێنە دنیاوە. سامان ڕۆشنبیری و هۆشمەندی، کەبونیادی حکومەتی چاکن، دەسەبەرناکات. لەڕاستیدا ئەرستۆکراسی راگیرلەسەر سامان و میراتگری بەشێوەیەکی ناچاریانە بەرەو ئۆلیگارشی گەندەڵ هەنگاو دەنێت.

٥- پەروەردەنەکردنی سیاسیانەی خەڵك. ئەرستۆکراسی بەگران ڕازی دەبێت خەڵکی پەروەردەی سیاسیانە بکرێن. خەڵکی تەنها کاتێك پەروەردەی سیاسیانە دەکرێن کەخاوەنی هەلی یەکسانی هاوبەشیکردن بن لەکارەکانی حکومەتدا.



ناپلیۆن

٦- خەوشی ئاشکرای پرەنسیپی میراتگری. دروست چۆن باسکردن لەمیراتگری ماتماتیکزان کارێکی گەمژانەیە، بەهەمان شێوەش ئەقڵانی نییە، کەدەسەڵات بدرێتە دەست ڕۆڵەی ئەرستۆکراسەکان بەو بەهانەیەی ئەوانە لەخێزانی ئەرستۆکراسیدا لەدایکبون. بەگوتەی " گارنەر" (ئامادەکاریو نەجابەتی سیاسی لەو سیفاتانە نین لەباوکەوە بۆ وەچەکانی بمێنێتەوە).

٣-دیکتاتۆری

دیکتاتۆری لە(دەوڵەت-شار)ەکانی یۆنانی کۆن و لەڕۆمدا هەبوو. لەیۆنان دەسەڵاتی ڕەهاو بێسنور بە (سینسیناتۆس)درابوو تا دەوڵەت لەقەیران ڕزگار بکات. هەموو سنوردارییە یاساییەکان هەڵپەسێرابون . لەڕۆما دیکتاتۆری(سوڵا، ژولیوسسزار و ئۆگستۆس) نمونەی شیاون بۆ ئەمجۆرە حکومەتە. لەئینگلستان (لۆردکرامۆل) بەدڵنیاییەوە دکتاتۆر بوو . (ناپلیۆن)، کەفەرەنسای لەنابوتبون ڕزگارکرد، بەدروستی بە(یەکەمین دکتاتۆری مۆدێرن) وەسفکراوە .

لەسەدەی بیستەم، بەتایبەتی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی، دیکتاتۆری بڵاوبۆوە. لەڕوسیای سۆڤیەتی لە (١٩١٧) دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەرقەرارکرا. لەتورکیا "کەمال ئەتاتورك"و لەئێران(ڕەزاشا) وەك دکتاتۆر دەرکەوتن . لەئیسپانیا، پۆرتوگال و چەند وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دکتاتۆری دەوڵەتی پەیدابوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دکتاتۆری ئەڵمان و ئیتالیا گرنگیان کەمتربوو.

لەسەدەی بیستدا سێ جۆر دکتاتۆر سەریانهەڵدا:

١- دکتاتۆری فاشستی لەئەڵمانیا و ئیتالیا و ئیسپانیا و پورتوگال .

٢- ڕژێمی دکتاتۆری لەهەندێك وڵاتی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین .

٣- پارتی دیکتاتۆر لەیەکێتی سۆڤیەتی سۆشیالیستی و کۆماری گەلی چین.

دیکتاتۆریی چییە؟ بەوتەی (فۆرد)دیکتاتۆریی بریتییە لە(بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی بانیاسا لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە(١٦)) . "ئەلفردکوبان" وتویەتی، دیکتاتۆریی حکومەتی تاکەکەسە، کەپلەکەی نەك لەڕێگای میراتەوە، بەڵکو بەزۆرداری، بەرەزامەندی یان تێکەڵەیەك لە هەموویان بەدەسهێناوە. دیکتاتۆری خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە، واتە هەموو دەسەڵاتێك دواجار لەئیرادەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرفراوان بونیشی سنوری بۆ نییە، هەروەها دیکتاتۆری لەسەر نەزمێکی دڵخوازیانەی فەرمان دەرکردن نەك لەسەر بنچینەی یاسا بەڕێوەدەچێت.

دەسەلاتی دکتاتۆر سنوردارو پاشکۆی هیچ دەسەلاتێکی دی نییە، چونکە پاشکۆیەتیەکی لەو جۆرە لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی ڕەهای ئەو وێکنایەتەوە(١٧).

شرۆڤەکردنی پێناسەکەی " کۆبان" تایبەتمەندی دیکتاتۆریی تاك پێشاندەدات :

١- فەرمانڕەوایی یەك تاکەکەسە.

٢- بنەماکەی زۆرداری یان ڕازیبوون یان هەردوکیانە.

٣- کەس خاوەنی هیچ دەسەلاتێکی دی نییە.

٤-پشك و دەسەلاتەکانی ڕەهایە.

٥- لەسەر بنەمای فەرمان نەك یاسای درێژرا و حوکم دەکات.

٦- زەمەنی دەسەلاتدارییەکەی دیاریکراو و دەستنیشانکراو نییە.

ئەم تایبەتمەندیانە لەدیکتاتۆریی تاکانەی (ناپلیۆن و ئەتاتورك و ڕەزاشا)دا دەبینرێت، بەلام دیکتاتۆرەکانی دی زۆربەیان دیکتاتۆری حزبین، کەشوێنگەی ڕابەر بەستراوە بەتوانای گرێدانی پارت بەخۆیەوە.

دیکتاتۆرە نوێیەکان پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی بەهۆی شۆڕشە نەتەوەییەکانەوە سەریانهەڵدا. جەنگی یەکەمی جیهانیی ئەو وێناکردنەی بەیەکدا دابوو، کەدیموکراسی دەتوانێت ئاشتی هەتاهەتایی سەقامگیر بکات. بەگوتەی " ماکلیفر": (قەیرانی بەرهەمی جەنگی ئەوروپا لەو ولاتانەی خاوەنی ئەزمونێکی کەم یان بەرێژە کەم بوون لەبواری دیموکراسیدا خێرایی بەدیکتاتۆریەت بەخشی). زۆربەی ڕژێمە دیموکراسیەکان لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ پرسەکانی نوێژەنکاری، هەلاوسان، بێکاری، چەقبەستن کارامەیی و لێوەشاوەییان پێشاننەدا. پەرلەمانەکان بە (حوجرەی پیشەوەران) ناوزەدکرابوو. ئەلمانیا، کەبەهۆی سەپاندنی پەیماننامەی " ڤێرسای" یەوە هەستی بەغەدر دەکرد، دەیویست خۆی لەوبارە ڕزگار بکات و پاشئەو پەیماننامەیە لەڕوی سیاسی و ئابورییەوە دوچاری عەیبە هاتبوو، هەروەها کەوتبوە دەم لێواری بێنەوایی ئابورییەوە، لەبەرئەوەبوو ئەو ولاتە بڕوای بەبەهاو نەریتەکانی دیموکراسی نەمابوو" " هیتلەر" بەپاڵەوانی ڕزگاریبەخشی مەزنایەتی ئەلمانیاو جەنگاوەری بەرژەوەندیەکانی دانرابوو. ئیتالیا بۆقەرەبوکردنەوەی زیانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی پشتیوانی لە"مۆسۆلینی" کرد. دیکتاتۆریی لە "ژاپۆن" دەرئەنجامی ئارەزوی فراوانخوازی بوو. بۆ زامنکردنی پێداویستی ڕوو لەگەشەکردنی دانیشتوان سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی لەڕوسیای سوڤیەتی هەراسێکی وای لەنێو دەوڵەمەندەکاندا نایەوە، کە ئامادەی هەموو سەرکێشیەك بوون بۆ لەڕیشە هەڵکەندنی کۆمۆنیزم . ناڕەزایی خەڵك، کەجەنگی یەکەمی جیهانیی فاکتەرەکەی بوو، تێکەڵ بەزرنگی"لینین" بوو. لەهەڵسەنگاندنی بۆ خرۆشاوی جەماوەری ڕوسی بووبەهۆی سەقامگیرکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەڕوسیا. قەیرانی ئابوری دەیەی(١٩٣٠) شۆکێکی گەورەی سرەواندە ئابوری جیهان . هەموو ئەو ڕوداوانە بووە هۆی بێمتمانەکردنی سیستمە دیموکراسیەکان و سەرهەڵدانی هێزی دیکتاتۆری.

أ-تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆری نوێ:

١- دامەزراندنی حکومەتی تۆتالیتاری . دیکتاتۆری نوێ بوەهۆی سەرهەڵدانی حکومەتی تۆتالیتاری . دروست وەك ئەوەی یۆنانیە کۆنەکان بڕوایان بەجیاوازی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە نەبوو، دیکتاتۆرە نوێیەکانیش هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان ئەو دوەدا دانەناوەو بانگەشەدەری ڕێکخەری هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتیان دەکرد. ( هەموو شتێك لەناو خودی دەوڵەتدایە، هیچ شتێك لەو بالاتر نییەو هیچ شتێکیش لەدەرەوەی نییە). ئەو دروشمە بوو " مۆسۆلینی " بەرزی کردبۆوە.

٢- حوکمڕانی تاکە پارتێك . دیکتاتۆری نوێ بڕوای بەدەسەلاتداری تاکە پارتێکەو بڕوای بەنەیاری و ناڕەزایەتی نییە.

٣- خەلاتکردنی زۆرداریی. دیکتاتۆری لەوناخۆو دەرەوەشدا بڕوای بەبەکارهێنانی زۆرداری هەیە . هیتلەر ومۆسۆلینی ستایشی جەنگ و کاریان پێکردبوو( جەنگ بۆ پیاو وەك دایکبونە بۆ ژن)، ئەمە دروشمی ئازیزیان بوو.

٤- تایبەتگەری حکومەتی دیکتاتۆری . لەخەسڵەتدا تایبەتگەرە لایەنگری لەپاکێتی نەژادو زمان و ئەدەب دەکات، هەروەها بڕاوای بەسیاسیەتی خۆژێنی ئابوری هەیە و زۆرجار بەرگری لە هەندێك تیۆری بالادەستی دەکات.




٥- نـەیاری لەگـەڵ ئەنتەرناسـۆنالیزم . دیکتـاتۆری نوێ بڕوای بەفراوانخوازی و گەورەکردنی خاك هەیە. ئاشـتیخوازی -خـەونی ئایدیالیـستیانە- بەپاسـاوی ترسـەنۆکی دەزانێـت. لەڕوانگـەی دیکتاتۆرەکانـەوە ئەنتەرناسیۆنالیزم قۆشمە و فریو دەرانەیە.

ب- توانستەکانی دیکتاتۆری.

ئـەو توانـستانەی دەدرێتـە پـاڵ دیکتـاتۆری نـوێ ئەمانەن:

١- دامەزرانـدنی حکومـەتێکی چـالاك . بەگـشتی لـەوڕووەوە، کـەدیکتاتۆریی فـۆرمێکی لێوەشـاوەی حکومەتــە بەشــانۆیالێدا هەڵــدەدرێت . لایــەنگرانی ئەمـشێوە حکومەتـە دەڵـێن دیکتـاتور لەلێکۆڵینـەوەی بێهــوودە کــات بــەفیڕۆ نــادات و دەتوانێــت دەمودەســتانەکاربکات . "مۆســۆلینی" وتویــەتی (بەرنامەی من کارکردنە نەك قسەکردن). "هیتلەر"یش بـڕوای بـەکارکردن هـەبوو. ئـابوری داغـانبوی ڕوسـیا، کەلەژێر چەکمەکانی ڕژێمی "تزار"دا دەینالاند "لینین و سـتالین" نوێــژەنیان کــردەوەو لەماوەیــەکی کورتــدا گەیاندیانە یەکێك لەزلهێزەکان.

٢- ڕوبەڕوبونــەوەی خێــرای پێداویــستیەکان . دیکتاتۆر دەتوانێت بەخێرایی لەڕێگای بڕیاری خێراو گردکردنەوەی دەمودەستانەی هێزە کۆمەڵایەتیەکانەوە درەقـەتی مەترسـییە وێرانکارەکـان بێـت . "هیتلـەر" بەهەنگاوێکی بەهێزەوە ئەڵمانیای لەسـەردابی ڕەزالـەت و نـاجێگیریی ئـابوری دەرهێنـا . دەوترێـت حکومەتـە دیموکراسـەکان نـاتوانن سـەرکەوتوانە بەسـەر قەیرانەکانـدا زاڵ بـبن، چـونکە کـاتێکی زۆر بەلێکۆڵینەوەو ڕاوێژکردنی ناپێوست دەکوژن.

٣- گەشـەکردنی ئەفـسانەیی وڵات. باڵادەسـتی نـەژادی یـان مەزنایـەتی وڵات خولیـای دیکتاتۆرەکـانی وەك "مۆسـۆلینی و هیتلـەر" بـوو، کەدەسـەڵاتێکی سوپایی گەورەیان لەئەوروپا دروستکرد. لەسەردەمی " هیتلەر"دا ئەڵمانیا بەترۆپکی گەورەیی خۆی گەیشت.

٤- ناساندنی ئامادەکارییەکان . دیکتاتۆریی لەسەر ئەو بنەمایە ڕاگیرە، کەهەموو کەس توانای بەڕێوەبردنی حکومـەتی نییـەو تـەنها برێکـی کـەمی هۆشمەنـدان لەعۆدەی حوکمڕانی دەوڵەت دێن. خەڵکی تەنها دەبێت فـەرمان ڕاپـەڕێنن و هەمیشە فەرمانـەکانی سـەروخۆیان پیادەبکەن و ملکەچی فەرمان بن.

٥- زامنکردنی پێشکەوتن و مرادی ئابوری. ڕژێمە دیکتاتۆرەکـان سـەرکەوتویی ئـابوری و پێـشکەوتنی کاریگەرانـەی هەمەلایەنـە لەوڵاتـدا دەسـەبەردەکەن. لـەئیتالیا بودجـەکان جێگیرکـران و خـەڵکی مـرادی ئابورییان بەدەسهێنا. لەئەڵمانیا "هیتلەر" گەندەڵی و خزمخزمێنـەی حکومـەتی لـەناوبردو پێـشکەوتنی هەمەلایەنەی زامنکرد.

ت- خەوشەکانی دیکتاتۆریی.

هەندێك لە توانستەکانی دیکتاتۆریی نابێت لەبەرامبەر خەوشەکانیدا کوێرمان بکات:

١- گەشەنەکردنی کەسایەتی مرۆڤ. بێگومان دیکتاتۆری حکومەتێکی بەهێز دروستدەکات و ئاسایشی ئابوری بۆ خەڵکی دەستەبەردەکات، بەڵام لەبەرامبەردا دەبێت خەڵکی بەهایەکی گەورەببەخشن، کەکەسێتیان لەناودەچێت. ئازادی ڕاگەیاندن، کۆڕوکۆبونەوە، بزاوت و گردبونەوە قەدەغە دەکرێن یان تەواو سنوردار دەکرێن.

"هیتلەر" ڕاگەیاندنی خەفەکردو دەنگی خەڵکی سڕیەوە. "مۆسۆلینی" حوکمڕانی بەسەر ڕۆحی خەڵکیدا دەکرد، بەمپێیە داهێنانی تاکی لەناوبردو ڕۆحی سەرگەشتەی مرۆڤ کوژرا. بونی تاك لەحکومەتی توتالیتاریدا دەسڕێتەوە.

٢- گۆڕانی دەوڵەت بۆ ئامانج. لەسەردەمی هەنوکەدا دەوڵەت ئامرازی خۆشگوزەرانی تاکە، بەڵام دیکتاتۆری دەوڵەت دەکاتە ئامانجی خۆی. لەمڕووەوە لەگابۆڕی دەوڵەتدا تاك دەکاتە قوربانی. لەڕاستیدا لەحکومەتی دیکتاتۆریدا تاك تەنها بۆ مەزنایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەت دانراوە.

٣- شکۆمەندیی دەسەڵات. دیکتاتۆریی ستایشی زۆرداریی دەکات، لەڕێگەی توندوتیژییەوە دەگاتە دەسەڵات و بەزۆردرایکردن دەمێنێتەوە. بەگوتەی "دوبنوا" مومکینە دیکتاتۆری بەڕەزامەندی خەڵکی پێکهاتبێت، بەڵام تەنها لەباری بێدەنگبونیاندا دەتوانێت درێژە بەخۆی بدات، کە ئەو بێدەنگیە بەهۆی سەرکوتکردنەوە دەبێت. دیکتاتۆر بێبەزەییە، بەمشتی پۆلاین نەیارەکانی سەرکوت دەکات. چیرۆکە دڵبزوێنەکانی زەجرونەهامەتی خەڵك لەئەڵمانیای سەردەمی هیتلەرو حوکمڕانی شمشێر لەئیتالیای سەردەمی مۆسۆلینی ئاماژەن بۆئەوەی کەدیکتاتۆرەکان لەپێناوی مانەوەیان لەدەسەڵاتدا بڕوایان بەبەکارهێنانی ستەم و زۆرداریی هەیە، بەڵام زۆرداریی بێڕەزامەندی سەرئەنجام پایەکانی حکومەتی دیکتاتۆری دەلەرزێنێت.

٤- سیاسەتی خۆبەگەورە پیشاندان. دیکتاتۆرەکان بڕوایان بەسیاسەتی خۆبەگەورە پێشاندانە، هانی هاوڵاتیان دەدەن بۆ (فراوانخوازی یان مەرگ). ئەمەش وادەکات مەیلەکانی خەڵك بۆ ئامانجی بێهودە بگۆڕن و ئەو نەهامەتیانە فەرامۆش بکەن دەکەوێتە سەرشانیان.

٥- بێهەستی خەڵك. دیکتاتۆرەکان خۆیان بەپارێزەری پەرستگای" دلف" دەبینن، کاتێك قسەدەکەن نابێت کەس زمان هەڵبێنێتەوە، وەك ڕانەمەڕ لەگەڵ خەڵکی ڕەفتار دەکەن، هەموو خەڵك بەنۆرەی خۆیان دوچاری بێهەستی دەبن، ئەو بەردەوامیە شڵەژاوو کوژەرەی دیکتاتۆر دەیسەپێنێ ژیانی هزری و مەعنەوی کۆمەڵگە دەسڕێتەوە، خەڵکی لەڕووی هۆشمەندییەوە دواکەوتوو دەبن، چونکە ئاگاداری ئەو واقیعەن کە هەوڵوتەقەلاکانیان بێسەمەر دەبێت.

٦- دژایەتیکردنی ئەنتەرناسیونالیزم. سەردەمی هەنوکە، سەردەمی پێکگەیشتن و هاوڕێیەتی نێونەتەوەییە. دیکتاتۆرەکان بڕوایان بەحوکمڕانێتی ڕەها هەیە، کەبەبڕوای ئەوان پێچەوانەی ئەنتەرناسیونالیزمە. دیکتاتۆرەکان لەوباوەڕەدان، کەئینتەرناسیونالیزم گەلانی جیهان دەهەڵدەخەڵەتێنێت تاجیاوازییەکانی بەرامبەر بنیشێنێتەوەو پرسەکانی خۆی لەڕێگای ئاشتیەوە چارەسەربکات. دیکتاتۆریی (ئاشتی بەپەردەی ترسەنۆك)دادەنێت و بەئاشکرا هانی جەنگ و خوێنڕێژی دەدات. دیکتاتۆرەکان بڕوایان بەمافی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان نییە.

٧- بێتوانایی جێنشینانی دیکتاتۆرەکان. دیکتاتۆرەکان خۆیان لەمێملەکانیان ڕزگاردەکەن. بەگشتی نەیارە جدیەکانیان بەتۆقاندن لەناودەبەن، لەبەرئەوە ئەو ڕژێمەی دیکتاتۆری بەرهەمهێناوە لەگەڵ لەناوچونی خۆشی لەناو دەچێت.

٨- ناجێگیریی حکومەت. حکومەتێکی بەزۆری شمشێر دروست بووبێت هەرگیز پایەدار نابێت، تەمەنی حکومەتی لەوجۆرە لەگەڵ توانای شمشێرەکەیدایە.

٩- بەردانی وەرە. دیکتاتۆرەکان توانای ڕوبەڕوبونەوەی شکست یان بەدبەختیان نییە. لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین ئاماژەی بەدبەختی ورەبەردەدەن و دیمەنی چاوەڕەشی دیکتاتۆریی دەردەکەوێت و ورە لەدەستدەدات.

کەموکوڕی و خەوشەکانی دیکتاتۆری هەرچییەك بێت ناتوانێت ئەو ڕاستیە نادیدەبگرێت، کەحکومەتی پیاوی بەهێزو لەهەندێك وڵاتدا کارامەییەکی زۆری پێشانداوە. یەکێتی سۆڤیەت لەنمونەی دیکتاتۆریی

سەقامگیربوو، سیاسەتی خۆشی بەدیموکراسی شمولی یان هەموو خەڵك زانیوە. چینی كۆمۆنیستیش نمونەیەكی دییەو كۆمۆنیستەكانی ئەو وڵاتە دودڵ نین


ماکس ڤیبەر

لەبانگەشەکردنیان بۆ لایەنگریکردن لە دیموکراسی. ئەمەش ئەوە دردەخات کە تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش پەرۆشی دیموکراسین و دەیانەوێت بەرگی دیموکراسیەکان بپۆشن(١٨)، دیکتاتۆری هاوشان لەگەڵ فاشیزمدا نەفرەتاویترین فۆرمی حکومەتەو بەگران مایەی پەسەندکردنە، بەڵام هەردەم قۆناغی زوو تێپەڕبوە.

٤-فاشیزم:

فاشیزم فۆرمێکی نادیموکراسیانەی حکومەتەو لەهەندێك کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەزمونکراوە. ئەمشێوە حکومەتە لەدەیەی (١٩٣٠) بەفەرمانڕەوایی پارتی نازی لە ئەڵمانیای هیتلەری و پارتی فاشیست لەئیتالیای " مۆسۆلینی" بلاوبۆوە. هەردوو ئەم دوو دەوڵەتە فاشستیە لەجەنگی دوەمی جیهانیدا لەبەرامبەر باقی وڵاتانی جیهان ڕاوەستان، ڕاگەیاندنەکانی سەردەمی جەنگ کۆمەکی بەجیهان کرد تاخەڵکی لەماهیەتی فاشیزم تێبگەن. لەبەرئەوەی فاشیزم دیاردەیەکی هاوەڵی سەرمایەدارییە بنەماکەی لەگەڵ ئەو بنەمایەی کەسیستمی بورژوازی دیموکراسی پەرلەمانی دیاریدەکات یەکسانە، لەگەڵ ئەوەشدا فاشیزم لەخەسڵەتیدا وەك دیکتاتۆری دژ بەدیموکراسییەو ناتوانێت پایەی کامڵی فەرمانڕەوایی بورژوازی بەدەسبهێنێت . ڕێچکەیەکی لادەرانەیە، کەرەوتی قایم و جێگیریی بورژوازی لەیەك جیادەکاتەوە، بەلام هەندێکجار فاشیزم بۆ سەرمایەداری دەبێتە پێویستی و تەنانەت دەرئەنجامی پێشبینیکراوی سەرمایەداریشە، چونکە لەهەلومەرجی قەیرانی سەرمایەداری یان لەنێوگروپگەلی دەسەڵاتداریی بورژوادا فەرمانڕەواییەکی سیاسیانەی ئاوارتە پێشاندەدات . قەیرانە ناوخۆییەکانی سیستمی سەرمایەداری لەوانەیە لەلایەکەوە ببێتەهۆی شۆڕشی سۆشیالیستی و یان لەلایەکی دییەوە بەدەسەڵاتی فاشیزم دوایی بێت. قەیرانە سیاسیەکان، کەفاکتەری سەرهەڵدانی فاشیزم دەبن، لەم وڵات بۆ ئەو وڵات و بەپێی زەمەن دەگۆڕێت، بەڵام خاوەنی تایبەتمەندی گشتی هاوبەشن :

١- بونی قەیرانی پەرلەمانی کەلەقەیرانی نوێنەرایەتی پارتەوە سەرچاوە دەگرێت.

٢- ناجێگیری حکومەت بەهۆی ناجێگیری و لەدەسدانی ئیرادەی سیاسی دەستەی حاکم. بونی چەندین تۆڕی پارتی سیاسی هاوشانی دەسەلات و هەر لەگروپەکانی فشارە وە بگرە تا میلیشیای تایبەت.

٣- نوێکردنەوەی زیندوانەی ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاپەڕاندن و یاسادانانی حکومەت و هاوشان گرنگیدانێکی زۆر بەڕۆڵی پۆلیس لەکارە سیاسیەکاندا.

٤- نەمانی دەسەڵاتی قەزایی و دەسرۆیشتویی هێزە دژە دیموکراسیەکان .

٥- لاوازی پەیامی سەرکردەیی سەرمایەداری.

٦- بەتوانابونی ناوەکی و عەینی هێزەکانی چینی زەحمەتکێش .

٧- لاوازبوونی هزریانەی وەفادارییی زۆری خەڵك بۆ حکومەتی بورژوازی و سەرئەنجام ڕزگاربون لەفریودەریەکانی ڕژێم.

٨- گۆڕانی گەورە لە هاوسەنگی دەسەڵاتی بینراو لەنێوان کاروسەرمایەدا بەقازانجی کار ڕوودەدات.

لەکاتی ئەو قەیرانە سیاسیانەدا چینی وردەبورژوا، کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەڕەگەزەکانی ناوبەڕێوەبەرایەتی ئیدارە ، پۆلیس و سوپا پێکدێن، دەبنەبەرپرسی گێڕانەوەی مەزنایەتی و دەسەڵاتی سەرمایەداری بەسەرکارداو ئەم کارەش لەسەروو بورژوازییەوە ئەنجامدەدەن، کەلەوسەردەمەدا بارێکی شڵەژاوی پەرێشانی و ڕەها بەسەردەبات. بەمپێیە فاشیزم دژ بەخەڵك و بەشێوەیەکی تەواو کۆنەپەرستە. زۆربەی دەسکەوتە دیموکراسیەکانی خەڵك لەناودەبات و سیستمێکی تۆتالیتاری پێکدەهێنێت، کەپشت بەسەرکوتکردن و ڕاگەیاندن دەبەستێت و پەنا بۆ خراپترین ڕەمەکی مرۆڤ لە دەمارگرژی، ترس، نێگەرانی و وەفاداری کوێرانە دەبات.


ئەفلاتون

فاشیزم خاوەنی پارتێکی جەماوەرییە، کەئاساییانە جەنگاوەر، تەواو گوێ لەمستی ڕابەرو شێوە ئەفسانەییەو ئەرکە هەمیشەییەکەی دروستکردنی خۆبەخشە لەخەڵك . لەزۆر ڕووەوە تەنها بەشێکی هەڵبژێراو لەخەڵك خۆبەخش دەکرێن، بۆنمونە لەئەڵمانیای نازیدا تەنها نەژاد ئارییەکان وەردەگیران. لەم سیستمەدا لقێکی دەزگای حکومەت بەسەر لقەکانی دیدا دەسەڵاتدارە، ئەو لقەش نەسوپایەو نەبیرۆکراسی، بەڵکو پولیسی سیاسیە. زاراوەی پۆلیسی سیاسی نەك تەنها ئاماژەیە بۆ گرنگی سەرکوتکردنی سیاسی لەورژێمەدا، بەڵکو ئاماژەشە بۆ ڕۆڵی بنچینەیی ئایدۆلۆژیانەی پۆلیس لەکۆمەڵگەدا. فاشیزم لەدەسەڵاتدا ئۆتۆنۆمی بونیادە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لەناو دەبات و سیستمێکی تۆتالیتاری دەئافرێنێت. ئازادی بونیادی ئاینی و خێزان، ئەنجومەنە تایبەتەکان و بونیادی کەلتوری هەڵدەتەکێنێت“ کەرتە تایبەت و گشتییەکان زیاتروزیاتر لەیەکدی نزیکدەبنەوە. دەستخستنە ناو کاروچالاکیەکانی کۆمەڵگە زۆر لەوەش زیاتر دەڕوات، کەلەسەرمایەداریدا باوە. بەپراکتیکانە هەموو لایەنەکانی ژیان دەکەوێتە بەرهێرشی پۆلیسی شاراوە. توخمی بنەڕەتی فاشیزم واتە ڕۆڵی گەورەی سەرکوتکردنی فیزیکی بەبەشداری ئایدۆلۆژیا بۆ شەرعیەتدان بەو سەرکوتکردنە پێخۆر دەدرێت. بۆنمونە جەنگی دژ بە کۆمۆنیزم یان پاشماوەی ڕەگەزەی سپی لە ئەفریقای باشور هەردووکیان بنەمان بۆ ئایدۆلۆژییەکی ڕەوایسازی لەوجۆرە.

دواجار فاشیزم شێوەیەکی ئاوارتەیی سیاسەتی ڕژێمی سەرمایەدارییە، بەڵام تاکە فۆرمێکی ئاوارتە نییە، لەبەرئەوە نابێت لەگەڵ شێوە ئاوارتەکانی دی ڕژێمی سەرمایەداری تێکەڵ بکرێت. یەکێك لەو فۆرمانەی دیکتاتۆریی تەواو سوپاییە. دیکتاتۆریی سوپایی وەك حکومەتی فاشیستی ئەگەر هەیە لەسەر سەرکوتکردنی سیاسی ، پۆلیسی نهێنی و ڕاگەیاندن ڕاگیربێت، بەڵام بەپێچەوانەی دەوڵەتی فاشستیەوە لەیەکەم هەنگاودا بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر سیستمگەری وەستاوە. لەلایەکی دییەوە فاشیزم لەسەر پۆلیسی نهێنی و لەو کەمتر لەسەر بیرۆکراسی حکومەت

و سوپا بەندەو تەواو بەپێچەوانەی دیکتاتۆریی سوپایی بەڕادەیەکی زۆر زیاتر هاوبەشیکردنی خەڵکی (دەنگدەر) ی تێدایە(١٩).

ئەمڕۆ مەترسی بونی دیموکراسیی پەرلەمانی بەفاشیزم زۆر واقیعیانە دەکەوێتە بەریدە، ئەوەش بەهۆی قەیرانە بەردەوامەکانی سەرمایەدارییە لەو کۆمەڵگانەدا – قەیرانی بەردەوامی ئابوری، قەیرانی پەراوێزکردنی زۆرینە لەڕژێمی سیاسیدا، بێکەسایەتیکردنی لادەرانەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی، قەیرانی پەیوەندییە دەرەکیەکان بەتایبەت لەسیستمی جیهانیداو لەدەسدانی ئاشکرای تیۆرو شێوازی گونجاو بۆچارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە. سەرەڕای ئەوەش هێزە شۆڕشگێڕەکانی سۆشیالیستی دژ بەسەرمایەداری و ئیمپریالیستی لەگەڵ گەشەکردنی پێبەپێ و بەردەوام بەهێزتر دەبن، تەنانەت ئەو گریمانەیەش لەئارادایە ملهوڕی ئەو قەیرانانە ببێتەهۆی ئەوەی فاشیزم وەك فۆرمێكی ناڕێوەری ڕێكخراوی سیاسی کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان جێگای دیموکراسی پەرلەمانی بگرێتەوە.

**پاشکۆکان:**

١- Robert M.Macliver.The webOF Government,(Newyork the Macmillan company 1947) p.149

٢- هەروەها بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ص ٨١-٨٣ و دالی پێشوو ص ٨٤

٣- Dillon, opcit, p11, لەبەکاهێنانی نوێدا فۆرمی لادەرانەی دیموکراسی بریتییە لە مۆبۆکراسی (Mobocracy بالادەستی ئاژاوەگێڕی) یان ئۆکلۆکراسی ( ochlo cracy حکومەتی گشتی خەڵك)ە " ماك ئایۆر" گوتەتی (کۆمەڵناسان ئەوەیان بەئاشکرا دەرخستوە کە حکومەتی زۆر بەبونی نییە، چونکە لەراستیدا هەموو حکومەتەکان حکومەتی چەند کەسێن یان لەراستیدا ئۆلیگارشییە)بڕوانە Macleverthe web of….opcio 148

٤- Gilchrist,opcitp228

٥- دالی پێشوو ص١١٩.

٦- منتسکیو، پێشوو ص٢٠.

٧- بۆ روونکردنەوەی یاسای بنچینەی سەخت و نەرم دەتوانرێت بوترێت " کاتێك بتوانرێت یاسایی بنچینەیی وەك یاسایی بخرێتەبەرچاو پیاخشاندنەوە، بەناوەند یان نەرم ناودەبرێت لەمبارەدا هیچ جیاوازی لەنێوان یاسای بنەڕەتی و ئاسایدا بونی نییە، چونکە لەڕووی زنجیرەی پلەدارییەوە لەپلەی یەکسانیدا دەبن، یاسای بنەڕەتی سەخت یان گران بەو یاسایە دەوترێت کە چاوپیاخشاندنەوەی لەلایەن ئەنجومەنێکی تایبەت یان ڕەوشێکی تایبەت جیاواز لەوەی بەسەر یاسای ئاساییدا دەچەسپێت پیادەبکرێت لەم بارەدا یاسای بنچینەیی لەسەرو یاسای ئاساییەوەیەو لەڕووی زنجیرەی پلەدارییەوە یاساکان دەخرێتە خانەی یەکەم) بڕوانەقازی پێشوو ص٩٨.

8-Leacock,opcitp.117

٩-بڕوانە لێکۆڵینەوە لەدەسەلات ، دەسەلاتداریی و شەرعیەتی لەبەشی چوارەم پێشووڵ٧٠-٨٥.

١٠-هەمان سەرچاوە لە٨٥ لەم کتێبەدا ڕیزبەندی تری حکومەت هەیە بڕوانە ل٨٦ تا٨٩ .

١١- Gilchrist,opcitp250

١٢- هەروەها بڕوانە Dillon,opcitp12

١٣-پێشوو ل٨٢.

١٤- GARNAR,POLITICA Science….opcitp230

15 Kapvr.opcitp323

16 S. foeb,dictatorship in the Modern world (Newyork ;Univwesty Minnosota PRESS,1930) P 27

17 Alpred Cobban , Dictatorship (Newyork ;cope,1939) p. 26

18 بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی دیکتاتۆری بڕوانە:

Dillon Agarwal op.citp.272 276 opcitp.28 97 kapur ,opcitp398 40 and

١٩- Nnoli op.citp.122 124 and kapur,op citp.674 679

*بنیادهای علم سیاست ، عبدالرحمن عالم ، ص ٢٦٧-٢٩١